# بەبۆنەی کارەساتی کیمیابانی هەلەبجەوە!

**جەماوەری کارەساتباری هەلەبجە!**

**خەلکی شەریف وئازادیخوازی کوردستان!**

**ئەمساڵ لەیادی کارەساتی کیمیابارنکردنی شاری هەلەبجەدا، پیرۆزبایی لەبەینچوونی رژیمی بەعسی فاشیستتان پێدەلیم وبەشداری خۆشحالیتان دەکەم بەبۆنەی دەسگیربوونی سەددام و علی کیمیایی وسەرانی تری رژیمی دژی ئینسانی بەعسەوە. لەیادی ئەم کارەساتە گەورەیەدا، هیچ شتێ جیگای سەلماندنی بەگەرخستنی ئەوپەری توانای ماددی ومەعنەوی بۆ ساریژکردنی ئەو برینە سەخت وقووڵانەی کەلەویژدان ولەزەین وروحی خەلکی هەلەبجە ودەوروبەری وخەلکی کوردستان بەتایبەتی وخەلکی ئازادیخوازی جیهاندا هەلکۆلراوە ناگریتەوە. دوای 17ساڵ بەسەر ئەم کارەساتە گەورە ئینسانییەدا، هیشتا شتیکی ئەوتۆ بۆ گیرانەوەی توانای ئومیدبەخۆبوون وژیانی ئاسایی بۆ خەلکی ئەم شارە وئەم ناوچەیە نەکراوە. ئەوەی کراوە هەولیکی سیاسی تەبلیغاتی بووە لەلایەن ئەحزابی دەسەلاتداری ناسیونالیزمی کوردەوە بۆ کەلکوەرگرتن لەم کارەساتە کەخۆیان بەشیکی ماجەرای خولقاندنی بوون، لەپیناوی برەودان بەخورافاتی قەومی ونەتەوەپەرستیدا وهیچی تر.**

**14ساڵە ئەحزابی قەومی کورد لەکوردستان دەسەلاتیان پەیداکردووە، وەبێگوێدان بەهەست ونیستی خەلك، سەرتاپای داهاتی کوردستانیان خستۆتە ژیر رکیفی خۆیانەوە ولەپیناوی مەحکەمکردنی لۆمپنیزمی خۆیاندا بەکاریان بردووە. ئەم حیزبانە وهیچ کەسی تر مافی ئەوەی نییە لەژیر هیچ بیانوویەکدا مەسەلەی ساریژکردنی برینە ماددی ومەعنەویەکانی خەلکی هەلەبجە ودەوروبەری دوابخات. ئەمە سەرەتایی ترین مافیکە کەدەبوو یەکیتی وپارتی وسەرانیان بۆ خەلکی ئەم شارەیان جێبەجێبکردایە. یادکرنەوە وسازدانی ڤیستیڤاڵ وچالاکی جۆراوجۆر پیویستە،بەلام هەرگیز نابێ جیگای وەلامدانەوەی گرفت ودەردی سەریەکانی ئەم خەلکە کارەساتبارە بگریتەوە.ئەم حیزبانە کەلەپیناوی کێبەرکێیاندا بۆ شەریکبوون لەدەسەلاتدا لەگەڵ رژیمی بەعسی فاشیستدا، ناوچەی هەلەبجەو خەلکەکەیان فرۆشت بەجمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئیران، ودەوری سەرەکیان بینی لەخولقاندنی تاوانی کوشتاری هەلەبجەدا،وئیستاش بەپیچەوانەی خەلکی کوردستانەوە کەخوازیاری بەرپاکردنی ریفراندۆمیکن بۆ بریاردان لەسەر چارەنووسی کوردستان،بەپەلکیشکردنی خەلکی کوردستان بۆ ناو مەسخەرەی هەلبژاردن بەکردەوە کوردستان تەسلیمی شۆڤینیزمی عەرەبی دەکەنەوە لەپیناوی ئیمتیازی زیاتر بۆ خۆیاندا،نەك هەقیان نییە ببنە نوینەر وقسەکەر بەناوی هەلەبجە وخەلکی کوردستانەوە لەهیچ جیگایەك، بەلکو دەبێ لەتەنیشت سەددام وعلی کیمیاییەوە دابنرین ووەکو ئەوان دادگایی بکرین.**

**منیش وەکو یەکیك لەرزگاربووانی کارەساتی هەلەبجە، دلم لەگەڵ دلی گەورەوبچووکی ئەم شارە وخەلکی کوردستاندا لیدەدات وبەئومیدی ساریژبوونی برینەکانمانەوە بانگەوازی خەلکی ناوچەی هەلەبجە وسەتاسەری کوردستان دەکەم کەریگەنەدەن یەکیتی وپارتی سات وسەودا بەسەر ئەم کارەساتە گەورە دژەئینسانییەوە بکەن وهەموو سالیك بەبریك تەبلیغاتی فریودەرانە وسازکردنی مەراسیمی یادکردنەوە خۆیان لەوەلامدانەوە بەخواست وگرفتەکانی خەلکی هەلەبجە بدزنەوە. ئەمسال لەیادی کارەساتی هەلەبجەدا باهەمووومان بەیەك دەنگ بۆ وەلامدانەوە بەخواستەکانمان ئەم رۆژە بکەینە رۆژی نارەزایەتی سەرتاسەریمان،لەوانەش:**

1– **بەرزکردنەوەی داوای دادگایی کردنی سەددام وعلی کیمیایی وسەرانی تری رژیمی بەعسی فاشیست لەدادگایەکی نیونەتەوەیی دا بەشیوەیەکی ئاشکرا.هەتا تەواوی ئەو کەس ولایەنانەی دەستیان بووە لەم تاوانەدا ئاشکرابکرین وئەوانیش بدرینە دادگا.**
2– **ئاوەدانکردنەوەی دەسبەجێی سەتاسەری شاری هەلەبجە دەوروبەری بەشیوەیەکی مۆدیرن وقەرەبووکردنەوەی زەرەروزیانی خەلکەکەی.**
3– **کردنەوەی شیرخۆرگە وباخچەی ساوایان وخویندنگای پیویست ودابینکدنی پیداویستی هاوچەرخی خویندن تیایاندا.**
4– **دابینکردنی ئیمکاناتی پزیشکی تەواو بۆ ئەو کەسانەی بەبۆنەی کیمیبارانەوە تووشی نەخۆشی وکەمئەندامی بوون. وەبرینەوەی مووچەی پیویستی مانگانە بۆیان.**

**محمـد غفـور**

16ئازار2005